# مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان

دروست بوون و شکڵ گرتنی کەمایەتی‌یە میللی‌یەکان دیاردەیەکی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی گەلان لە مێژوودایە. درێژەخایاندن و چارەنەکرانی گشتیی کێشەی کەمایەتی‌یەکان ئەنجامی راستەوخۆی جێبەجێکردنی تەبعیزگەرانەی مافی گەلانەو هەربۆیە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئەمڕۆی کەمایەتی‌یەکان لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا پێویستە پێشینەو نێوەرۆکی ئەسڵی مافی دیاریکرانی چارەنووسی گەلان روون بکرێتەوە.

مافی چارەی خۆنووسین ئەمڕۆ کەوتۆتە ریزی بەرزترین و بایەخدارترین پرەنسیپەکانی یاسای نێونەتەوەیی‌و تەنانەت لە لایەن هێندێ سەرچاوەی قەزایی نێودەوڵەتی‌یەوە بە Jus Cogens "یووس کۆگێنس" واتە ئەسڵێك کە هیچ ئەسڵ و رێوشوێنێکی دیکە ناتوانێ دژایەتیی لەگەڵ هەبێ‌و ئەگەر دەوڵەتێك پێشێلی کرد هەموو دەوڵەتانی جیهان دەتوانن لە دژی راوەستن، لە قەڵەم دراوە. بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەدا کە مافی چارەنووس بۆتە ئەسڵێکی حوقووقی‌و بە شێوەیەکی دنیاگیر پەسند کراوە، نێوەرۆکی ئەو مافەو خاوەنەکانی هەمیشە روون و دیاریکراو نەبوون. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو ئەسڵە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ کاکڵێکی سیاسیی هەبووەو سیاسەت هەمیشە شوێنەواری خستۆتە سەر چەمك و بەکارهێنانی و حقووقی بوونەکەشی کەمڕەنگ کردوە. (جیاوازیی حوقووق و سیاسەت لەوەدایە کە حوقووق بۆ دوو وەزعییەتی وەك یەك رێگاچارەیەکی واحد لە نەزەر دەگرێ، لە حاڵێك دا سیاسەت بە پێی هەل و قازانج هەڵوێست دەگرێ).

روانینێکی رۆخی (سطحی) بەسەر پێشینەی ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان دا یارمەتیمان دەکا کە باشتر لە نێوەرۆکی ئەو مافە ورد بینەوە. ئەو ئەسڵە بۆ یەکەم جار لە راگەیەندراوی سەربەخۆیی ئامریکا لە ساڵی ١٧٧٦دا فۆرمولە کرا، بەڵام ئەوە ئوورووپایە کە بە زێدگەو لانکەی هەڵدان و پێگەیشتنی مافی چارەنووس دادەنرێ.بەیاننامەکانی شۆرشی فەرانسە ئەو ئەسڵەیان بە شکۆیەکی زۆرەوە راگەیاندبوو و ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ لەدایك بوونی ئیدئۆلۆژیکی ئێتاناسیۆن. چونکە بەم جۆرە سەروەری (حاکمیت) لە پاشاوە بۆ میللەت گوێزرایەوەو میللەت و دەوڵەتیش هاوخشت (متقارن) بوون. سەدەی نۆزدە سەردەمی پەرەگرتن و بەرەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو. ئەگەر "پەیمانی موقەدەس"ی دەسەڵاتە رۆژئاوایی‌یەکان لەکۆنگرەی وییەن (١٨١٥) ـ کە لەوێ سیاسەتی "استعماری" دارێژرا ـ دوژمنایەتیی توندی لەگەڵ مافی گەلان نیشان دا، دواتر لەگەڵ بێ‌هێز بوونی ئەو پەیمانەو بە سەربەخۆیی گەیشتنی وڵاتانی وەك بلژیك و یوونان لە ١٩٣٠ و شۆرشەکانی ١٩٤٨و هاتنەسەرکاری ناپلیۆنی سێهەم هەلومەرجەکە تەواو گۆڕا. لە نێوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا مافی گەلان ئەسڵی میللیەتەکانی وەبەرهەم هێنا کە بریتی بوو لە مافی سەربەخۆیی بۆ میللەتان. لەسەر بناغەی ئەو ئەسڵە زۆر نەتەوەو دەوڵەتی گەورەی وەك ئاڵمان و ئیتالیا لەدایك بوون و لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیست دا زۆر گەلی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری‌یەکانی ئوتریش ـ مەجارستان و عوسمانی رزگار بوون. بەڵام هەر لەو سەردەمەوە فکری بەجێگەیاندنی هەمەلایەنەو یەکسانی ئەو مافە وەلانرا. کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی دەرفەتی سەرلەنوێ راگەیاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان بوو. جودا لە "لێنین"و شۆرشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ی روسیە کە بەروالەت خوازیاری بەڕێوەبردنی بەرفرەوانی ئەو ئەسڵە بوون، "ویلسۆن" سەرکۆماری ئەو وەختی ئامریکاش لە چاردە خاڵەکانی ساڵی ١٩١٨ی‌دا کە کۆمەڵە پێشنیارێك بوو بۆ بنیاتنانەوەی ئاشتی لە جیهانی نوێ‌دا، داوای سەرلەنوێ ساز کردنەوەی وڵاتانی ئورووپای ناوەندی بەتایبەتی لە ئوتریش و مەجارستان و باڵکان داو دانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە گەلانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیی کردبوو، بەڵام لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەسڵە لەمەڕ موستەعمەرەکان دا خۆی پاراستبوو. پەیمانەکانی ئاشتیی ڤێرسای (١٩٢٣ـ ١٩١٩) بەو جۆرە ئیمزا کران کە ویلسۆن ویستبووی، بەڵام بە سەربەخۆیی گەیشتنی بەشێك لە گەلان بوو بە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆر کەمایەتیی تازە لە چوارچێوەی دەوڵەتە نوێ‌یەکان دا دروست بن. لە پەیمانی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" دا هیچ باسێك لە مافی گەلانەوە نەکرابوو و بە پێچەوانەوە ئەو رێکخراوە سیستمی بەڕێوەبردنی موستەعمەرەکانی رێك خست.

پاش شەڕی دووهەمی جیهانی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی لە یەکەمین مادەی خۆی داو لە ریزی ئامانجە بەرزەکانی ئەو رێکخراوەدا دانا. بەڵام مەبەست لەو راگەیاندنە جیهانی‌یەی مافی گەلان شتێکی تازە بوو. ئەگەر یەکیەتیی سۆڤیەت هاندەری سەرەکیی ئەو کارە بوو و پێی وابوو کە ئەو مافە دەبێ بە مانای واقیعیی خۆی تەفسیر بکرێتەوە، بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوایی بەجێگەیاندنی ئەو ئەسڵە تەنیا بریتی بوو لە وەدیهێنانی دێموکراسی‌و ئاکامەکەی، دانی سەربەخۆیی بە گەلانی ژێر دەسەڵاتیان نەبوو. بەڵام

دواتر هەموو دەوڵەتانی جیهان بەو ئەنجامە گەیشتن کە ئازاد کردنی سەرزەمینە ئیستعماری‌یەکان پێویستی‌یەکی مێژوویی‌و "اجتناب ناپذیر"ەو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشی هەرە زۆری هەوڵ و تێکۆشانی دوو دەهەی یەکەمی خۆی بۆ بەسەربەخۆیی گەیاندنی خەڵکی ئەو سەرزەمینانە تەرخان کرد. ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە بە درێژایی دەیان ساڵ و تەنانەت تا رادەیەك ئەمڕۆش مافی دیاریکردنی چارەنووس لە سەربەخۆیی‌دا خولاسە بکرێتەوەو ئەوەش تەنیا گەلانی ئیستعمارکراو بوون کە مافی سەربەخۆیی‌یان هەبوو.

بەڵام لەگەڵ رووخانی دیواری بێرلین لە ساڵی ١٩٨٩داو دوای ئەوەی گۆرباچۆف هەقی جیابوونەوەی بەکردەوەی قبووڵ کردو لەپاش کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، دەرفەتی زیاتری بوژانەوەو دەربڕینی هەستی میللی پێك هاتەوەو گەلانی پێکهێنەری "ئیمپراتۆری‌یەکانی" سۆڤیەت و ئوروپای رۆژهەڵات دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزراند. راستە کە ئەو رەوتە بوو بە هۆی وەدرۆخستنەوەی ئەو ئیددیعایە کە ئەمڕۆ تەنیا گەلانی موستەعمەرە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکڵی سەربەخۆیی‌یان دا هەیە، بەڵام بەهیچ جۆر نەبووە مایەی ئینکاری واقیعییەتێك کە ئێمە لە سەرتاسەری ئەوکورتە مێژوویەدا بەدیمان کردو بە یەکێك لە هۆکارەکانی دروست بوون و درێژەکێشانی کێشەی کەمایەتی‌یە میللی‌یەکانی دەزانین. ئەو واقیعییەتەش بریتی‌یە لە گرتنەپێش و درێژەدانی سیاسەتی تەبعیزو جیاوازی دانان لەنێوان گەلان لەمەڕ بەجێ‌گەیاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا.

لە مافی نێونەتەوەیی‌دا پرەنسیپێك هەیە بەناوی "یووتی پۆسیدێتی" (Uti Possidetis). ئەو ئەسڵە هەڵقولاو لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمەو واتای ئەوەی هەیە کە هەرکاتێك دەسەڵاتی ئیستعمار سەرزەمینێکی بەجێ‌هێشت، ئەگەر خەڵکی ئەو سەرزەمینە حکوومەت و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێك بێنن، ناچارن ئەو چوارچێوە ئیداری‌یە رەعایەت بکەن کە وەختی خۆی دەسەڵاتی ئیستعمار دای‌ڕشتبوو. لەراستی‌دا بەم جۆرە سنوورە نێوخۆیی‌یەکانی پێشووی حکوومەتی ئیستعمار دەبنە سنووری نێودەوڵەتی. "یووتی پۆسیدێتی" لەسەرەتادا لەسەر رەوتی بەسەربەخۆیی گەیشتنی گەلانی ئامریکای نێوەڕاست و پاشان هی موستەعمەرەکانی ئافریقا جێ‌بەجێ کرا. بەڵام ئەمڕۆ بۆتە ئەسڵێکی گشتیی یاسای نێونەتەوەیی‌و بۆ دەستەبەر کردنی تەواوەتیی ئەرزیی دەوڵەتان پشتی پێ‌دەبەسترێ. لەمەڕ یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و ئوروپای رۆژهەڵاتیش تەنیا سەربەخۆیی ئەو گەلانە بەڕەسمی ناسرا کە پێش لەبەریەك هەڵوەشان خاوەنی قەوارەیەکی نێوخۆیی پێشکەوتووی وەك کۆماری فیدراتیو بوون و ڕێگا بە کەمایەتی‌یەکانی دیکە، یان کەمایەتی‌یە تازەکان نەدرا بە سەربەخۆیی بگەن.

ئێستا پێویستە بچینە سەر ماناو نێوەرۆکە جۆربەجۆرەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس. ناسینی ئەو چەمکانە لەبەر ئەوە گرینگە کە ماف و پارێزگاری‌یەکانی ئەمڕۆی کەمایەتی‌یەکان لەمافی نێونەتەوەیی‌دا ئەنجامی ئەو تەفسیرو بەکاربردنانەیە کە تا ئێستا لە ئەسڵی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان کراون. ئەو تەفسیرە رەنگاوڕەنگانە هەروەها دەکرێ هەوێن بەخشی هەوڵی باشتر کردنی وەزعی کەمایەتی‌یەکان بن.

مافی دیاریکردنی چارەنووس سێ مانای سەرەکیی لێ‌کراوەتەوە کە دیارە بەهۆی ئەوە کە ئەو ئەسڵە لەناخی‌دا ئەسڵێکی سیاسی‌یەو دەتوانێ بەرژەوەندیی دەوڵەتان بخاتە ژێرپرسیار، هەرکام لەو مانایانە دەتوانێ لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاوازی و تەنانەت دژایەتیشی هەبێ.

مانای یەکەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بریتی‌یە لە مافی خۆبەڕێوەبردن (self-government). ئەمە لایەنی نێوخۆیی مافی چارەنووسەو ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵکی وڵاتێك سەربەستانە شێوەو فۆرمی دەوڵەت و حکوومەت هەڵبژێرن و ئازادانەو راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ لەنیهادەکانی بڕیاردان دا بەشدار بن. مافی دیاریکردنی چارەنووس بەو مانایەی، ئەگەر بەڕاستی وەبەرچاو بگیردرێ دەبێتە هۆی وەدی هاتنی دێموکراسی. بەداخەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو چەمکەی مافی چارەنووس کۆنترینیەتی، یاسای نێونەتەوەیی کەمتر سەرنجی داوەتێ‌و بۆ ئەوەی دەوڵەتێك بە سووژەی خۆی قبووڵ بکا هەر ئەوەندە بەس بووە حاکمییەتی فێعلیی بەسەر خەڵك و سەرزەمینەکەدا هەبێ. دیارە دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەمڕۆ پەرەگرتن و هاتنە سەر ڕێی مافەکانی مرۆڤ بۆتە هۆی ئەوە کە پلورالیسمی سیاسی‌و مەشرووعییەتی دێموکراتیك هەتادێ زیاتر لە دونیادا جێگای خۆیان بگرن و دوور نیە لە داهاتوویەکی نزیك دا مافی نێونەتەوەییش رەگەڵ ئەو رەوتە بکەوێ، چونکە نیشانەکانی وەها ئاڵوگۆڕێك هەر ئێستا بەدی دەکرێن.

مانای دووهەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس لایەنە دەرەوەیی‌یەکەی و بەناوبانگترین و بەکاربردراوترین تەفسیریەتی. ئەویش بریتی‌یە لە مافی گەلێك بۆ دیاریکردنی سەربەستانەی چارەنووسی‌نێونەتەوەیی خۆی و هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەو دەورووبەرو قەوارە سیاسی‌یەی دەی‌هەوێ تێی‌دا بژی. جێ‌بەجێ کردنی ئەو مافە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو گەلە بۆخۆی بڕیار بدا داخوا دەوڵەتی سەربەخۆ دادەمەزرێنێ، بە دەوڵەتێکی

دیکەوە وەسڵ دەبێ یان لەنێو هەمان دەوڵەت دا دەمێنێتەوە. کاتێکیش سەربەخۆیی نەویست دەتوانێ شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبـاری خـۆیو چۆنیەتیی ڕێکخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی (خودموختاری، فیدرالیزم، ) هەڵبژێرێ.

دەوڵەتە تازە بە سەربەخۆیی گەیشتووەکان مانایەکی دیکەیان لەئەسڵی دیاری کردنی چارەنووسی گەلان زیـاد کـرد کـە بریتییـە لـەوەی هەرکاتێك دەوڵەتەکە دامەزرا گەل لەبیر بچێتەوە، یان لەنێو دەوڵەت دا بتوێتەوەو بەم جۆرە ئەو دەسکەوتانەی گەلان لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەدەستیان هێناون لە لایەن دەوڵەتانەوە پاوان بکرێن و بۆ سەقامگیر کردن و پتەوکردنی دەوڵەتان بەکار ببرێن. لەباری سیاسییەوە ئـەو مافـە دەبێتە هۆی زەق بوونەوەی ئەسڵی سەروەریی بێ ئەملاو ئەولا (حاکمیت مطلق)ی دەوڵەتان و بەرابەریی ڕەسمیـی نێوانیـان و قەدەغـە بوونـی دەست وەردان لە کاروباریان داو بەڕێوەبردنی سەربەستانەی کارەکانیان. ئەو مانایەی مافی چارەنووس ئاکامێکی ئابووریشی هەیە کە بریتییە لە ملکایەتیو کەڵك وەرگرتنی سەربەستانە لە دەوڵەمەندییە سروشتییەکان وڵات لە لایەن دەوڵەتەوە.

وەك دیتمان ئەسڵی دیاریکردنی چارەنووس نێوەرۆکێکی ڕەنگاوڕەنگی هەیە. دەوڵەتان و جەمسەرە سیاسییەکانی جیهان هەرکام بەنۆرەی خۆیان ئەو ئەسڵەیان بۆ وەدیهێنان و بردنەپێشی ئامانجە تایبەتییەکانیان بەکارهێناوەو بەرژەوەندییە دیاریکراوەکانی خۆیانیان پێ پاراستوەو سیاسەتە مەشکووکەکانیان پێ پاساو داوە. بۆنموونە ڕوانگەو بۆچوونی وڵاتانی سۆسیالیستی لەپێوەندی لەگەڵ مافی گەلان دا زۆر بەخشندەو ئیدەئالیست و دڵفرەوانانە بوو. بەڵام ئەوە نەك لەبەر چاوی ڕەشی گەلان بەڵکوو لەپێناوی ناردنە دەرەوەی سۆسیالیزم و فرەوانخوازیی ڕۆژهەڵات دابوو. بەبڕوای وان مافی چارەنووس بریتی بوو لە ڕزگاری لە ئیستعمار لە هەموو جێیەك و هەقی هەڵبژاردنی سۆسیالیزم.

لەراستیدا سۆڤیەتییەکان ئەو مافەیان بۆ وەلەرزەخستنی بلووکی ڕۆژهەڵات و تەنیا بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەبرد، لەحاڵێك دا ئەوان پێشنیاری وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوایان بۆ بەشداری کردن لە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن کە ساڵی ١٩٧٥ بە کۆبوونەوەی هێلسێنکی دەستی پێکرد ڕەت کردەوە. هەرچی وڵاتانی ڕۆژئاواییشە لەو باوەڕەدا نەبوون کە دەبێ مافی دیاریکردنی چارەنووس ببێتە هۆی مافی جیابوونەوەو سەربەخۆیی، بەڵکوو دەبوو لە چوارچێوەی لایەنە نێوخۆییەکەیدا ببەسترێتەوەو تەنیا بریتی بێ لە قبووڵ کردن و پاراستنی ئازادییە دێموکراتیکەکان و مافی مرۆڤ. وڵاتانی جیهانی سێهەمیش لایەنێکی دیکەی ئەو دەمەتەقێیە بوون. بە بۆچوونی وان مافی دیاریکردنی چارەنووس دێموکراسی ناگرێتەوەو بریتییە لە هەقی ڕزگار بوون لە ئیستعمارو ریشەکێش کردنی جیاوازی دانانی ڕەگەزی (تبعیض نژادی) و خەبات لە دژی داگیرکەریی بێگانە. جێگای گوتنە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شوێن و کاتی خۆی دا نوێنگەی هەرکام لەو بیروبۆچوونانە بووە، بەڵام ئەوە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسیو مافی کەمایەتییەکان دابووە کە (هەر نەبێ هەتا ئەم دواییانە) سەرکەوتنێکی کەمتری وەدەست هێنابوو.